# راگەیاندنی کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی لە پەنجاوهەوتەمین ساڵیادی کاژێکدا:

57ساڵ لەمەوبەر، کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتیی کورد(کاژیک)لە 1959/4/14دا بەخەرمانێ دیدو بیری فەلسەفیو ئایدۆلۆجیی نوێوە، لەتاریکیی ئەورۆژگارە ناهەموارەی نەتەوە دیلو نیشتمانە داگیرکراوەکەمانا، وەک ئەستێرەیەکی درەوشەدار، کەوتە ئاسمانی کوردستانەوەو مژدەی بیرو بزووتنەوەیەکی نوێی بەخشییە سەرجەم نەتەوە ستەمدیدەکەمان بۆئازادیو ژیانەوەو یەکێتیو یەکسانیی کوردو سەربەخۆیی سەرتاسەری کوردستان. بەڵام بەوهۆیەوە، کەلەورۆژگارەدا، هوشیاریی نەتەوەیی لەئاستێکی نزمو دیوەزمەی دو بیری نانەتەوەیی چەپو ئاینی بەجۆرێ زاڵبون بەسەر هەستو هۆشی تاکو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاناو هاوکات هەنێ هۆکاریدی، کاژیک وەک ڕێکخستنێکی پێویست گەشەینەکرد، بەتایبەتی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی ئەوسەردەمە، شێرگیرانەتر لەداگیرکەرانی کوردستان، لەدژایەتیو هۆنینەوەی تۆمەتی ناڕەوادابون بۆئەو ڕێکخراوەنوێیە. لەگەڵ ئەوەشا چونکە کاژیک، جگە لەڕێکخستنێکو بزوتنەوەیەک، قوتابخانەیەکی بیری ڕەسەنی کوردایەتیشبو، هێدیهێدی، دڕی بەوتاریکستانییەداو جێیخۆی لەناو بەرنامەی هەنێ ڕێکخراوەی هاوشێوەی خۆیو بیری هەزاران تاکی کوردا کردەوە بەجۆرێ کە ژمارەیەکی زۆر لەوانەش کەئەوسا دژایەتی کاژیکیان ئەکرد، ئێستا، لەپێشبڕکێدان بۆشانازیکردن بەبنەما ستراجییەکانی کاژیکەوە کەیەکێ لەو بنەمایانە، دورکەوتنەوەیە لەبیرۆکەی برایەتیو پێکەوەژیان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستانا. لەبری ئەوەش، گرتنەبەری ڕێگەی جاڕدانی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ، وەک لەم ڕۆژانەدا ئەو دەنگۆیە کەوتۆتە سەر زارانو ئاڵای کوردستان لەکەرکوکیش ئەشەکێتەوە. بەهیوایین هەنگاوی کردەییش بۆ سەربەخۆیی بنرێو ئاڵاکەشمان لەهەمو کونجێکی کوردستانا شەکاوەبێ، نەک هەر پاگانتەیەکبێ بۆ هەڵبژاردنو موزایەدەی پارتایەتیو پاشگەزبونەوە رونەدا بەبیانوی ئەوەی ئێستا کاتی نییە! یا دەوڵەتانی خاوەن بڕیار هاوڕانین لەگەڵمان! لەکاتێکا ڕاگەیاننی دەوڵەتی کوردی، هەمو کاتێ کاتیەتی هەرچەنە ئەشێ کاتێ لەکاتێکیتر

گونجاوتربێ. خاوەن بریاری چارەنوسیش ، نەتەوەی کورد خۆیەتیو هیچ هێزێ ناتوانێ رێگربێ لەئاستی خواستویستی نەتەوەکەمانا.

ئەمڕۆ 2017/4/14 ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی، لە پەنجاو هەوتەمین ساڵیادی دامەزراننی کاژێکا، هەمان راگەیاندنەکەی 2014/4/14مان دوپاتئەکەینەوەو سەری رێزو نەوازش بۆشەهیدە نەمرەکانی کاژێک دائەنەوێنین کەبەهۆی چالاکییان لە ریزەکانی کاژێکا، یا بەهۆی بوونیان بە پێشمەرگە لە ریزەکانی شۆڕشا، یا بەو بیروباوەڕەوە لەهەر مەیدانێکیترا شەهیدبوبن، هەر یەک لە شەهیدان (ئەنوەر مەجید سوڵتان، ئەنوەر عەلی نەجار، ئیحسان سدیق، بێستونی شەهید لە قەیوان، بێستونی شەهید لە مامە خەلان، تۆفیقی نوری بەگ، جەزای عەلی کاتب، جەلالی حاجی حسەین، حەمە ئەمین گوڵچین، ، خولە خڕە، دڵشاد مەریوانی، رەحیم حاجی مەحمود، سەعید گەوهەر، شەریف مەولود، شەوکەتی حاجی موشیر، عەلی مەشخەڵ، عومەری حەلاو، عومەری ساڵح مەنسور، عیزەت رەشید، غەفور ژاژڵەیی، فەتاح ئاغا، فەرهاد خەففاف، قوربانی مام رەش، کەریم سەلام، کۆڤان، محەمەدی حاجی ئەحمەد، محەمەدی حاجی مەرۆیی، محەمەد ساڵح هیتلەر، محەمەد شەوقی، محەمەد هەرسین، نوری حەمە عەلی، هاواری نوری حەلاو و دەیان شەهیدیتر) کەلەپێناوی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلەکەمانا گیانی خۆیان بەخشی.. .سەرکەوتوبێ خەباتی کۆمەڵەکەمان لەپێناوی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادیو یەکسانیی نەتەوەی کوردمانا.

کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی.

2017/4/14.